# چ قیامەتێکە ... خاتونی من !

بۆ تۆ ... لەچاوەڕوانی هاتنتا هێندە پیربوم ، کەنامناسی !!

**هێمن حمە جزا**

بەڕوخسەتی خۆت ،
وەك شتێك دەمەوێ ... بڕۆم !
دەستم گرتووە بەدڵمەوەو
تا ئەوسەری ڕێگاکە تەنهام !
ئەمشەویش ،
کەوەك هەمیشە دەزانم نایەیت ...
وەلێ ،
چاوەڕوانتم !
چ قیامەتێکە خاتونی من ... چ قیامەتێ !!
کەس ، لەفکری کەسدا نییە !
خودایەك ... کەلەم دەورو بەرەدا دەژی ،
گەرەکیەتی بڕوا !
هەنارێك ... کەبەدوی مانایەکی تردا دەگەڕێ ،
ئیدی ... بەتەڕی و
بەسوری و
بەباخچە ... ڕازی نییە !
ئەویش ،
لەکەڵکەڵەی ڕۆیشتنایە !
ڕۆیشتن ..،
وتنەوەی گۆرانییەکی منالآنەیە ...
لەدوای تێربونت لەماچی کچێك ،
کە ( هیچ ) لەبارەی ڕۆیشتنەوە نازانێ !
ژماردنی ماڵ بەماڵی کۆڵانێکە ...

لەژێر بارانێکی لێزمەیا ،
کەتا ئەو کات ..،
کەس ( شتێك ) لەبارەی ڕۆیشتنەوە نا پرسێ !
وەك شتێ دەمەوێ ... بڕۆم !
خۆم و جانتایەکی سور
وەك بۆیەی نینۆکەکانت ...
بێزارتر لەو ئێوارەیەی ،
کەوەك باران بەسەریەکا بارین و
پێت وتم :
ئەها بەم تەڕیەشەوە ،
هێشتا پڕیت ... لە یەئس !
ڕوژیشتن ..،
سەفەری من و تۆ بو
بەبۆشایدا !
ڕۆیشتن ..،
پیاسەی ئەو ڕێگایەیە
کەکۆتاییەکەی ..،
بە ئاو دێت
یان ...
بە ئاسمان ؟
سبەینێ ... من لەوێم !
لەژێر ئەو درەختەی ،
کەئێوارەیەکیان پڕ بەدڵ
پێت وتم :
خۆشم ئەوێ !
سبەینێ ... من لەوێم !
بەخۆم و کیسێك خەنە و
جانتایەك هەتاوەوە ...
لەو جێگەیە چاوەڕێتم ،
کەبۆنی خە نجەر و

ئەسپ و
باران ... لەجلەکانمەوە دەهات !
تۆش ...،
وەك ئەوەی دڵت ختورەی کردبێ
گۆرانیت بۆ ئەوتم و
وردە وردە جێت ئەهێشتم !
من لەوێم !
لەو باخچەیەی ،
کەتا بۆنی عەترمان لێوە دەهات
ماچی یەکترمان ئەکردو
لە پڕێکا پێت وتم :
ئەزانی چەند خۆشە ،
بەدەم داکرمانی نوقڵێکی ترش و
کەمێك پێکەنینەوە ...،
لەدڵەوە بەکەسێك بڵێی :
خۆشم ئەوێی !
من لەوێم !
لەبەردەم ئەو ماڵەی ،
کەهەموو عەسرێك تیایدا منالّ دەبمەوە .
لەو حەوشەیە چاوەڕێتم ،
کەدایکم هەمیشە بەدەم شتنیەوە ...
دەمی دەجولاندو
لەبەر خۆیەوە ... دوعای ئەخوێند !
لەوێم !
بەخۆم و جانتایەکی پڕ لەدوعاو سەلامەوە !
بەخۆم و کراسێکی تەنکی شینەوە !
بەخۆم و دڵێکەوە ،
کە پڕە لەیەئس و
کە پڕە لەخواحافیزی و
کە پڕە لەختورە !

بەخۆم و پاکەتێك ڕەنگ و هەندێك گوڵەوە !
بەخۆم و سەعاتێکی میقاتکراوەوە بەڕۆیشتن !
بەخۆم و گیرفانێك پڕ لەڕەسمی نەدیتراوەوە !
من لەوێم !
سبەینێش ،
کەوەك هەمیشە نایەیت ...
وەلێ ،
چاوەڕوانتم !
چ قیامەتێکە خاتونی من ... چ قیامەتێ !!
تۆ دێیت و
من تەنها بۆنم لەوێ ماوە !
تۆ دێیت و
دڵم هێندەی هەنارێکی پیر ،
کەڵکی قسەی پێوەیە !
تۆ دێیت و
وەك دەنکێك مورویی بزر ،
بەشوێنما دەگەڕێیت !
تۆ دێیت و
تەنهایی وەك دارێك گێلاس ،
کرمۆڵی کردوم !
تۆ دێیت و
وەك باخێك هەرمێی گەیو ،
نامناسیتەوە !
وەك کتێبێکی شڕەڵە ،
دەستم تێوە نادەیت !
وەك کۆمەڵێك ڕەنگی ڕژاو !
کۆم ناکەیتەوە !
خاتونی من ..!
تۆ کاتێك دێیت ،
درەنگە بۆ ڕۆیشتن !

درەنگە بۆ عەشق !
درەنگە بۆ ڕوانین !
تۆ ...
درەنگ ... درەنگ ،
ئێوارەیەکی درەنگ دێیت و
دڵت هەزارو یەك ختورە دەکاو
لەبەر خۆتەوە دەڵێی :
قسەیەکم ماوە ... بەر لەڕۆیشتن !!

مانگی ( ٢ – ٥ ) / ٢٠٠٥
سلێمانی